# ڕەهەندە مەترسیدارەکانی سروودەکەی شێرکۆ بێکەس

ئیسماعیل حەمەئەمین

سروودی کوردستانی شێرکۆ بێکەسی شاعیر لەبەرامبەر سروودی ئەی ڕەقیبی دڵداری نەمر لە کێشەیەکی هونەری و کولتوریەوە بۆتە کێشەیەکی سیاسی و ناوچەگەری ، کار گەیشتۆتە ئەوەی ئیسلامەویەکانیش قسەی تێدا بکەن و کێشەی دێرینەکەی دوو ئیمارەتەکەی پارتی و یەکێتی جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە . ئەوەی من سەرسام دەکات ئەو پرسیارەیە، شێرکۆ بێکەس دەیەوێت چی بسەلمێنێت ؟، دەیەوێت بگات بچی و چ ڕۆشنبیریەکە لە پشت ئەم ملانێ ناهەموارەوە؟، پرسیاری سەرەکیش ئەوەیە شێرکۆ بۆچی بێدەنگە؟ یاخود بۆچی خۆی بەمەکتەبی هونەری بەڕێز نێچیرەڤان بارزانیەوە هەڵواسیوە و دەیەوێت سروودەکەی خۆی بکات بەسردووی هەموو کورد !! ، ئەمە و زۆر پرسیاری دیکە ...
ئاشکرایە ئەدیبان ناتوانن ببن بە پێغمبەران ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەرکێکی مۆراڵی و پرنسیبێکی گشتی هەیە کەئێمەی ئەدیب لەهەموو دنیادا پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش ئەرکی قوڵەمانە لەبەرامبەر جوانیەکان ، دۆزینەوەی جوانی ئەرکێکی گەورەیە لەدنیایەکی گەورەی پڕ شەڕ و ئاشوب و شەڕانیدا، دنیایەك پڕێتی لەشەڕ و کوشتار و گەندەڵی ، دنیایەك ڕۆژ بەڕۆرژ مرۆڤایەتی لەمرۆڤ دەسەنێتەوە ، دنیایەکی پڕ لە پیاوی گزگل و ناشرین ..دیارە لێرەدا نامەوێت باس لەئەرکی ئەدیب و ئەدەب بکەم بەڵام ئەمە بیرهێنانەوەیەکی زۆر سادەیە بۆ ئەو کێشەیەی ئەم چەند مانگە لەسەر سروودی (ئەی ڕەقیب) ی شاعیری گەورەمان (دڵدار ) هەڵگیرساوە ، بەداخەوە ئەم هەرایە لەلایەن شیرکۆ بێکەسی شاعیر و بیرۆی هونەری بەڕێز نێچیرەڤان بەرزانیەوە تەونکاری بۆکراوە. باچیتر موجامەلەی یەکتری نەکەین و باچیتریش چاو لەهەڵەی یەکتری دانە پۆشین ،ئەوەی ئاشکرا و دیارە ئەو بێدەنگبوونەوەی شێرکۆ بێکەسە کەبە چنگەکرێ بە دەسەڵاتی کوردیەوە خۆی هەڵواسیوە و دەیەوێت لەڕێگەی پەرلەمان یان هەر دەزگایەکی سیاسی ئەم دەڤەرە بێت ئەم سرووده ناخۆشەی بەسەرماندا بسەپێنێت. دیارە لە پاڵ ئەویشەوە شێرکۆ بێکەس سوودی لەباڵی دەسەڵاتداری یەکێتی نیشتیمانی وەرگرتووە بۆ ئەم پیلانەی و تۆزێکیش مەحسوبیەتێکی زیرەکانەی بەکارهێناوە بەوەی (هەڵکەوت زاهیر ) ی ڕاوێژکاری بەڕێز (نێچیرەڤان بارزانی ) دەستی هەیە لەم سروودەدا ، ئیدی شاعیرێکی گەورە و هەمیشە مەزنی وەك شێرکۆ بێکەس قورسایی خۆی دەخاتە سەر تێپەڕکردنی ئەم سرووده، لەهەمان کاتیشدا هەڵبژاردنی بێدەنگی و کڕبوونی لەمەڕ ئەم هەرایە کەکار گەیشتۆتە ئیهانەکردنی گۆڕی (دڵدار) و لەداویدا پەشیمان بوەنەوە بەناوی نوژەنکردنەوەی لەئێستادا !. ئەمانە هەمووی بە پلەی لەقازانجی ڕەوتی شیعری شاعیر شێرکۆ بێکەسدا نیە. دیارە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کەهەموو ڕووداوێکی ئاوەها کەتایبەتن بە ڕۆحی نەتەوە ، مامەڵەکردن لەگەڵیدا پابەندە بەو هەستیاریە مێژوویی و کولتوریانەی کەلەداهاتوودا ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر سەرجەم ژیانی کولتوریمان ، بەڵام بەدیوێکی دیکەشدا هەموو مل ملانێ یەکی ئاوەها گەر مەبەستیشی نەبێت، ئەوا چەندەها دووری دیکەی دەبێت:

یەکەم: ڕەهەندێکی حزبی : ئەم سروودە لەلایەن شاعیرێکەوە نوسراوە کەیەکێتی نیشتمانی دەزگایەکی بەناوی دەزگای سەردەم بۆ دامەزراندووە و پشتگیریەکی باشی لێدەکات ، دیارە بەجیا لەباسکردنی داهێنانی کەنکوڵی لێناکرێت، دەبێت ئەوە بڵێین شێرکۆ بێکەس نمونەی ئەو شاعیرە بووە کە خۆی بەسەرکردەی کوردیەوە هەڵواسیوە هەر لە بەهەشتی مەلا موستەفاوە بیگرە تاوەکو دەگاتە هەڵدان بە سەوزبوونی دڵی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا .. نموزەجێکە دەکرێت لەداهاتوودا و لەچوارچێوەی کێشەکانی ئەدەبی کوردیداقسە زۆر هەڵبگرێت. سەیر لەوەدایە گەر ئەم فیگورە لەئەدەبی عەرەبیدا لەجاهیلیەتەوە دیاردەیەکی ئاسایی بوو بێت، ئەو وێنەی شاعیر بەو جۆرە پیاهەڵدانە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زۆر دەگمەن و کەمە ، بەو هەڵگەڕانەوە سەدو هەشتا پلەیەشی هەر دەگمەنە.. ئەم داهێنانە قورسە، بەداخەوە داهێنانی شێرکۆیە لە نێوەندی ئێمەدا. لەبەر ئەوە موستەحیلە ئەقڵی کوردی ئەو سروودەی شێرکۆ لەو باگڕاوندەی جودا بکاتەوە کەباسم لێوەی کرد، بەتایبەت سروودەکە پابەندە بەکێشەسیاسیە گرنگەکانی کوردەوە، خالچکی دیکە ئەوەیە سروودەکەی دڵدار لەچلەکاندا نوسراوە کەنە پارتی هەبووە و نەیەکێتی!! ، ئەمەش قسەی من نیە بەڵکو قسەی ڕۆشنبیرێکی وەك فەلەکەدین کاکی یە و تەواو وایە.

دووهەم: ڕەهەندێکی تەوافقی : لەوەتەی لە پڕ بەسەر ئێراقیبوونی خۆماندا کەوتووین ، چاکتر وایە بڵێم لەوەتەی ئێراقیەتی خۆمان دۆزیوەتەوە ، ئەم تەوافقە وەك سانسۆرێك لەهەموو کون و کەلەبەرێکدا ڕێگرە لەبەرامبەر جیاکردنەوەی ڕەش و سپی و وخێر و شەڕ لەم دەڤەرەدا. موراعات کردن بۆتە پێوەری بەسیاسی بوون و بەڕۆشنبیری بوون لەنێو دەزگای ڕۆشنبیری ڕەسمی ئێمەدا. بەجۆرێك هیچ پرنسیبێکی نەتەوەیی و کوردبوون و ئەخلاقی جێگیر نەمێنێت. بۆنمونە موراعات کەمیتۆدی بیرکردنەوەی تەوافقیە، ڕێگەدەدات چاو بپۆشین لە فایلدارێك و موراعاتی بکەین ، ڕێگەی داوە بەجاشێك بێشەرمانە بڵێت: گەر ئێمە نەبووینایە هەمووتان فەوتابوون، ئەمە و زۆری دیکە .. سروودەکە موراعاتی ئەو ئیسلامیە مۆدێرنانە دەکات کەدژی ڕستە شیعری ( دینمان ئاینمانە نیشتمان ) ە، ئەوە ئەقڵیەتێکی تەکفیریە خۆی پەردەپۆش کردووە بەناوی موراعاتی ئاینەوە قسە دەکات ، دەنا بەڕێزان تۆ بڵێی ئەو هەموو زاتە ئاینیە گەورانەی کۆمەڵگەی کوردی لەچلەکاندا هەموویان کافربوویێتن و ئیمانیان لاواز بوویێت بۆیە ئەم ڕستەیان قبوڵکردبێت، تۆبڵێی زاتێکی گەورەی وەك (قازی موحەمەد ) و هەموو ئەو مامۆستا ئاینیانەی کە هەموو کورد وەکو ڕۆشنبیری خۆیان تەماشایان دەکردن لەو دەستەواژەیە تێنەگەیشتبن و ئێستا ئەم ئیسلامەویە مۆدێرنانە دەیانەوێت سەرجەم مێژووی ڕابوردووشمان تەکفیر بکەن ، ئەمە جگەلەوەی ناڕاستەوخۆ ئیهانەی هەموو ئەو پیاوە ئاینیانەی سەردەمی شۆڕشی مهاباد دەکەن بەوەی ئیمانی ئەوان زۆر لەوە لەقتر بووە کەهەست بەم دەستەواژەیە بکەن . بەداخەوە ئێستا ئێمە دێن موراعاتی ئەوانە دەکەین کەدەیانەوێت مێژوویی پیاوە ئاینیەکانی سەردەمێکی گرنگی شۆڕشی کوردیش تەکفیر بکەن و داوای لابردنی ئەو دێڕە دەکەن بەبیانووی ئەوەی ئەوان دەرکیان پێ نەکردووە و ئێمە دەرکمان پێکردووە !! .. سەیرە کەکاك شێرکۆ ئەو ڕەهەندە تەوافقیە نابینێت و لەسروودەکەیدا موراعاتی ئیسلامەویەکانی کردووە و ناڕاستەوخۆش بۆ پشگیرکردنی سروودەکەی سوودی لێدەبینێت ..

سێهەم : ڕەهەندێکی گەندەڵی : مەحسوبیەت میتۆدێکە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا، دیارە ئەمەش لای ئێمە پەلی هاویشتۆتە نێو دەزگا ڕۆشنبیرەیەکانیشەوە ، ئەمەش قەیدی نیە ، بەڵام کاتێك ڕۆشنبیرێك گەندەڵی بکاتە میتۆدێك بۆ سەپاندنی تێکستێکی خۆی ، ئەمە کارەساتێکە بۆ خۆی. شێرکۆ بێکەس بیەوێت و نەیەوێت ئەوا ئەو سروودەی پابەندە بە بەڕێز (هەڵکەوت زاهیر )ی هونەرمەندەوە، ئەمیش بیەوێت و نەیەوێت پابەندە بەو شوێنایەی خۆی وەك ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت و دەسەلاتخوازی ئەو، گەر ئەویش شوێنای ئەو دەسەڵاتەی نەبووایە وەك ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت نەیدەتوانی ئەو سروودە بکات بەنێو ڕاڕەوەکانی حکومەت و پەرلەماندا ، بەجۆرێك کەبەسەر دەسەلاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و کەسایەتیەکی بەدەسەلاتی وەك فەلەکەدین کاکەیدا باز هەڵدات!. بگاتە ئەوەی وەزیرێك بەناچاری بخاتە بەردەم ئەگەری ئیستقالە کردن..گەر ئەو دەسەڵاتە نەبووایە لە مەکتەبی سەرۆکی هەرێمەوە، ئەو سروودە نەیدەتوانی لەچوارچێوەی مونافەسەیەکی هونەریانەی ئاسایدا هەموان بخاتە سەر ئەو قەناعەتەی جارێکی دیکە چاو بخشێنین بە سروودی نەتەوەیی یەکەمین کۆماری کوردی لەمێژوومانداا. ئیدی ئەم مەحسوبیەتە نەبووایە ئەوا شتەکان بەجۆرێکی دیدکە دەبوون ، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی شێرکۆ پەنادەباتە ئەو میتۆدە !! .

چوارەم : ڕەهەندێکی قەیراناوی : هەموو کەس بڕوا بەو درۆیە بکات کەلەکوردستانی ئێمەدا ئاسانکاری باش هەیە بۆ ڕۆشنبیران ، ئەوا سەرانی ئەو دەزگا ڕۆشنبیریانە کەخۆیان ئەو قسانە دەکەن بڕوای پێناکەن ، چونکە هەموویان دەزانن کەقەیرانی نێوەندە ڕۆشنبیری و سیاسیەکە لە ئاستێکدایە کە ئەو دەستەواژەیە قبوڵ نەکات. لەوانەیە خوێنەر لای سەیر بێت بڵێت کەداهێنەری کورد ئەوەندەی کێشەی لەگەڵ دوای پڕۆسەی داهێنان هەیە، ئەوەندە کێشەی لەگەڵ داهێناندا نەبێت !! . بەمەرجێك دەبوایە هاوکێشەکە پێچەوانە بایەتەوە . دەڵێن کتێب وەکو خۆڵ چاپ دەکرێت و بوارەکە فراوانە و ئەو هەموو دەزگا جۆراوجۆرە هەیە کە پشتگیری داهێنان دەکەن بەدەزگاکەی کاك شێرکۆشەوە!!. بەڵام هەقیقەت ئەوەیە کاتێك کتێبێکی جیدی دەکەوێتە بەر دەستیان ، ئەوەندە ئەم دەست و ئەو دەست و بیروکراتیەتی دەخەنە بەردەم کەنوسەر واهەست بکات تاوانێکی گەورەی کردووە، کەچا پیش دەبێت ئەوا جگەلەتیراژی کەم و بڵاوبوونەوەی لە یەك شاری سەر بەحزبەکەی خۆیاندا، زۆر جارانیش سەقەتی دەکەن و دەیشێونن !! .. هەر بۆیە هونەرمەندانی ناڕازی ئێستا هاتونەتە خۆ و شانۆ و موسیقیەکانیش لەو ڕەدەڵ و بەدەڵی دەزگا زۆر و بۆرانەی نێوەندی ئێمە بێبەش نەبوون. ئەوەی دەمەوێت لێرە بیگەمێ ئەوەیە ئەو ڕۆحە قەیراناویە پەنا دەباتە بەر هەموو هۆکارێك بۆ سەپاندنی خۆی ، دووریشی بخەیتەوە لەدەسەلاتی گەندەڵ و قەڵەم و کاغەزێکی بدەیتێ هیچی پێ نیە کەبینوسێت ، هیچی دیکەی پێ نیە کەبیکات

بەئاواز .. لەم ڕۆحە قەیراناویەوە هەموو شتێك دەسە پێندرێت بەسەر خوێنەر و گوێگر و تەماشاکاردا، ئیدی بڵاوکردنەوەی کتێب و موزیك و کلیپی تایبەت و ڕیپۆرتاژی جیدی لەم نێوەندەدا هەناسەی مونافەسەکردنی شەریفانەی نیە ..
لەم ڕۆحە قەیراناویەوە شێرکۆ بێکەس و ئاوەزدانەرەکەی پەنا دەبەنە بەر سەپاندنی بەرهەمەکەیان لەسەر حسابی بەرهەمێکی دێرینی نەتەوەکەمان .. گەر ئەو ڕۆحەلەقەیرانێکی مۆڕاڵیدا نەبێت ئەوا چ نەبێت پێشبڕکێیەك بۆ شاعیران دادەنرا بۆ سروود نوسین ، تەوەرەیەکی سیاسی و فیکری بۆ پێداچوونەوەی سروودی نیشتمانی دەکرایەوە و پێش ئەوەی پەلاماری دەسەڵاتی پەرلەمانە کەم دەوامە بێ کارەبا و ئاوەکەمان بدەین ، با لەسەر ڕووبەری گۆڤار و ڕۆژنامە و هۆڵەکانی گفتوگۆ و کۆڕ و سیمینارتدا ئەم مەسەلەیەمان باسبکردایە .. نەك ئاوەها بەو ئەقڵیەتە عەسکارتاریەتەوە پێچەبەدەورە بەو هەموو بەها مێژوویی و ئەدەبیەی سروودێکدا بکرێت و بیەوێت لەمناوەرەیەکی پەلەدا لەڕێگەی دەسەڵاتەوە بیکاتە ئەمری واقیع ..ئەمە بۆ هەموو شتێك بگونجێت بۆ ئەدەب و هونەر تەمەنی زۆر کورتە ، لەگەڵ پێچە بەدەورەی سیاسەتدا ئەو سەپاندنەش کۆتایی پێدێت .. ئەم ئەقڵیەتە بۆ بیر لەمانە ناکاتەوە ...

<u>پێنجەم : ڕەهەندێکی خۆبەدەستەوەدان</u> : گوایە سروودی ئەی ڕەقیب ڕیتمێکی نەگونجاوە لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و لەمارشێکی عەسکەریانە دەچێت و سروودی کوردستان مۆدێرنە بەو ڕیتمە کۆڕاڵیە سەمفۆنیەوە .. ئەمە ئەقڵیەتێکە دەیەوێت بڵێت ئیدی ئێمەی کورد لەقۆناغی شۆڕش و ڕووبەڕوونەوەدا تێپەڕمان کردووە و هیچ شەڕێکی دیکەمان لەبەردەماندا نیە کە پێویستی بەسردووی وەها بێت . ئایا بەهەقەت وەهایە؟! .. یان ئەمە سەر خستنی وشترمرێکی گێل نیە بۆ ئەوەی دنیای مەترسیدار نەبینێت..تۆ بڵێی ئەو هەموو ئاشتیخوازیە کوردستانی داپۆشیبێت و ئێمە ئاگاداری نەبین ..یان یەکێکی وەکو من زۆر شەڕانی و کەوڵەکۆنی زەمەنی جەنگە و ئاگام لەم هەموو دەستکەوتە مەزنانە نیە لەکوردستانی پڕ ئاشتیدا کەمنداڵ خۆی دەسوتێنێ! .. ئەی ئەوە نیە لەجیاتی فیدارلی بۆ ئێراق ، کوردستان بۆتە حکومەتێکی چوار فیدارلی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی مەرکەزی کوردیدا.. ئەمە ئەم پەیامەیە کە هەندێك لێپسراوانی کورد عەیامێکە بەنێو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە، کار گەیشتۆتە ئەوەی بەناوی زەمەنی ئاشتیەوە ئەوەندە چارەنوسی خۆمان داوەتە دەست ئەم دەوڵەت و ئەو هێزە بێگانەیە کەئەمریکایەکان حسابی هێزێکی عەشایری بچوکی سونەت نشینیشمان بۆ نەکەن . ئەم ڕۆحە تەسلیمبووە بەئێراق ئەم کێشەیە بەفرسەت دەزانێت و ئەو ڕۆحە شۆڕشگێڕیە پێشمەرگە پاکەش بکوژێت کەلەسروودێکی دێریندا خۆی بەرجەستە کردووە ، ئەو ڕۆحەی ئێستا گەندەڵی لەبەرەکەی دەخوات .. ئەم ڕۆحە تەسلیمبووە پشتگیرێکی ناڕەستەوخۆی ئەو سروودەی کاك شێرکۆ بوو ، کاك شێرکۆ بیەوێت و نەیەوێت پشتگیری سروودەکەی ئەو دەکات ..

جێگەی داخە خۆم لەم مەوقیعەدا ببینمەوە کەئاوەها بنوسم و واز لەو زمانە ئەدەبیە بێنم کە پێی ڕاهاتووم . بەڵام لەوبڕوایەدام گەر ئێمەی ئەدەیبان لەبەر برادەرایەتی و ناسیاوی و مەحسوبیەت موراعاتی ئەم و ئەو بکەین ، ئیدی بۆچی گلەیی لەسیاسیەکانمان بکەین. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە واز لەو ڕیاکاریە بهێنین کەبۆتە زمانی باوی نێوەندە کولتوریەکەی ئێمە . بافێربین دوور لە دەسەڵاتی دەزگا و حکومەت و سەرکردەکان ، وەك ئەدیب و هونەرمەندێك بەرهەمەکانمان بخەینە ئاستی پێشبڕکێ، بافێر بین دوور تۆزێك دوور لەو هەموو گەندەڵیە داهێنان بکەینە پێوەری دەرکەوتنی بەرهەمەکانمان نەك ڕاڕەوەکانی حکومەتێك کەخۆی لەقەیرانی گەندەڵیدا گینگڵدەدا ...

**ئیسماعیل حەمەئەمین**
27. Januar 2007